




# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان! ئەم کاتەتان باش

منداڵە ئازیزەکان! ڕۆژی ٢٩ ی خەزەڵوەر بەرامبەر بە ٢٠ نوامبر ڕۆژی پەسند کردنی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانە. هاوڕێیانی هەمیشەیی دنیای منداڵان! ٢٩ خەزەڵوەری ئەمساڵ ٢٢ ساڵ بە سەر پەسەندکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێدەپەڕێ وهەر بەم بۆنەوە ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە کە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانیان پەسند و واژۆ کردوە ڕێورەسمێکی تایبەت و بە شکۆ بە بەشداریی بەرچاوی منداڵان و کاربەدەستانی ڕەدەباڵای حکوومەتەکان و کاناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرێوە چوو و یادی ئەم ڕۆژە بەرز ڕاگیرا. بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە هەندێک لە وڵاتان کە ئەم جاڕنامەیەیان پەسند کردوە نەک هەر یادی ئەم ڕۆژە ناکەنەوە بگرە ئەو ڕێکخراو و ناوەندانەی منداڵانیش کە یادی ئەم ڕۆژە دەکەنەوە تووشی تەنگ و چەڵەمە دەکەن و ڕاپێچی دادگا و زیندانیان دەکەن. یەکێک لەو وڵاتانەی کە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی منداڵانی پەسند و واژۆ کردوە وڵاتی ئێرانە، بەڵام بە داخەوە دەبینین کە ڕەوش و بارودۆخی منداڵان لە ئێراندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت، ئەوە لە حاڵێک دایە کە دەبێت حکوومەتی ئێران تەواوی بڕگە و ماددەکانی ئەم جاڕنامەیە بەڕێوە ببات و بە هەموو شێوەیەک بەرگری بکات لە مافەکەنی منداڵان، کەچی خۆی لە هەموو کەس و لایەنێک زیاتر مافەکانی منداڵان پێشێل دەکات. تەنانەت منداڵان لە سەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان وەک خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بێبەش دەکات. هەروەها دەبینین کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی منداڵانی سەرشەقام و منداڵانی کار لەم ولاتەدا لە زیاد بوون دایە و منداڵان بە هەموو شێوەیەک لە لایەن دەزگاو ناوەندە حکوومیەکانەوە دەچەوسێندرێنەوە. هەر لە یەک ساڵی ڕابردودا لە سایەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەند سزای قورسی وەک زیندانی هەتاهەتایی و سزای لە سێدارەدان بە سەر منداڵان دا سەپێنراوە و بە ڕێوەچووە.

منداڵە ئازیزەکان! ئێمە وەک ستافی بەڕێوەبەریی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دنیای منداڵان وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی پەسندکرانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منداڵان لە ئێوەی ئازیز و خۆشەویست، ئاواتە خوازین هەموو منداڵانی جیهان و بە تایبەتی منداڵانی کورد لە کەش و هەوایەکی ئارام و سەقامگیردا بە خۆشی وشادی ژیان بەرنە سەر و چی دیکە لە مافەکانیان بێبەش نەکرێن.








## ژیاننامەی فەرماندە و داهێنەری کورد
## مامۆستا برایم سەلاح

خوالێخۆشبوو مامۆستابرایم سەلاح، لە ساڵی ١٢٧٤ ی هەتاوی دا لە ئاوایی ساروقامیشی ناوچەی فەیزووڵڵابەگی کە لە ٣٠ کیلۆمیتری رۆژهەڵاتی سەقز هەڵکەوتوە، لە دایک بووە.

برایم سەلاح لە کاتی بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک (سمکو) یەکێک بووە لە جەنگاوەرانی سمکۆ، بەڵام چونکە زمانی ئینگلیزی زانیوە، دوای ماوەیەک دەیبەنە شاری مەهاباد و لەوێ دەبێتە وەرگێڕی نووسینگەی سمکۆ (ئەو کاتە میسیۆنێر و شاندی بیانی لە مەهاباد بوون).مامۆستا برایم سەلاح دوای هەرەس هێنانی بزووتنەوەی سمکۆ، دەچێتەوە گوندەکەی خۆیان.

برایم سەلاح لەکاتی کۆماری کوردستاندا یەکێک بووە لە فەرماندە پایە بەرزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستانیش لەگەڵ وەزیر و کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆمار دەگیرێ و لە دادگای نیزامی دا سزای مەرگی بە سەردا دەسەپێ، بەڵام دوای ماوەیەک حوکمەکەی هەڵدەوەشێتەوەو ئازاد دەکرێ و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و لەوێ دەست دەکا بە کاری لێکۆڵینەوە. تاقیگەیەکی چکۆڵە و سەرەتایی دادەمەزرێنێ و دەست دەکا بە داهێنانی چەشنێک باتری. لە ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی ڕا خەریکی ئەنجامدانی ئەو کارە دەبێ و دوای ١٠ ساڵ کاری بەردەوام دەتوانێ چەشنێک باتری تایبەت دابهێنێ کە هەم بۆ گوێ راگرتن لە رادیوێ و هەم بو هەڵکردنی گڵۆپ دەتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. شایانی باسە کە هێندێک لە کەرەستەی ئەم باترییە شتی سروشتی کوردستان بوون. جیا لە کاری داهێنان و لێکۆڵینەوە زانستییەکانی، مامۆستا برایم سەلاح کە زۆر کەم وێنە بوو لە کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لەو چەند زمانەی کە لێیان شارەزابوو و بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی پزیشکی لارووسی کە بە زمانی فەرانسەوی نووسرابوو دەتوانێ لە گوندەکەی خۆیان دەرمانگایەکی چکۆلە دابمەزرێنێ و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و بە بێ بەرامبەر سەدان و هەزاران نەخۆش چارەسەر بکا و خزمەتیان پێ بکا.

مامۆستا برایم سەلاح رۆژی ٣١ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی ساروقامیش کۆچی دوایی کرد و لەسەر کێوی پیر محەمەد، لەو ئاواییە دەنێژرێ.

**ئامادەکردنی: دنیای منداڵان**

**سەرچاوە: سایتی سەقز**



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



کابرایەکی گێل خەریکی پڕکردنەوەی فۆرم بوو. لە فۆرمەکەدا چوارگۆشەیەک هەبوو. لە خوارووی چوارگۆشەکە نووسرابوو: تکایە هیچ لەم چوارگۆشەیە مەنووسە، ئەویش لە چوارگۆشەکەدا نووسی: بەسەرچاو.

ماموستا: ئادەی پێم بڵێ بزانم کاری هەزار پێ چیە؟

قوتابی: هیچ ماموستا بەیانی تا نیوەڕۆ پێڵاو لە پێ دەکات و نیوەڕۆش تا ئێوارەدایان دەکەنێ.

***

پیاوێکی ڕەزیل لە بەهەشت خانوویەکی دەدرێتی، ئەویش دەیدا بە کرێ و بۆ خۆی دەچێتە جەهەننەم.

***

ماموستا: ئادەی پێم بڵێ رۆمەکان چییان کرد دوای ئەوەی لە دەریای ناوەڕاست پەڕینەوە؟

قوتابی: جلەکانیان وشک کردەوە.

## ئادەی بە دڵی خۆتان بمرەنگێن







## مەتەڵ و خەلات





هەم دایکتە و هەم پوورتە؟ بە باوکیان دەگەن بە یەک بەڵام بە دایکیان ناگەن بە یەک؟

***

ئەوە چییە گیزە گیزێتی، عالەم بە تەمای خوشەی میزێتی؟

***

چوار مامم هەنە لە چۆمێ، تیران داوێنە گۆمێ؟

**ئەم منداڵە ئازیزانەش وەڵامی دروستی مەتەڵەکانی دنیای منداڵانی ژمارە ١١٢ یان بۆ ناردووینەوە: پەیام مەمەندی، ئەوین بامرادی**

ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.

www.Kurdistanukurd.com

سەرنووسەر: فەرشید محەممەدی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، تریفە سادقی، شیلان قوربانی فەر

مۆنتاژو دیزاین: مینا سولتانزادە

دنیای منداڵان

# چیرۆکی دوو دار کە وەك یەکیان بەسەر هاتبوو

دارێکی پیر لە قەراغ جاددەیەک ژیانی بەسەر دەبرد. ئەو ساڵانێکی دوور و درێژ بوو کە بە تەنیا دەژیا و لەو دەشتاییە هەرگیز هاورێیەکی نەبوو.

پیرە داری چیرۆکی ئێمە لەو تەنیاییە زۆر بێزار ببوو تا ئەوەی کە رۆژێک چاوی بە نەمامێک کەوت کە بۆ خۆی شین ببوە خەریکە وردە وردە گەورە دەبێ.

پیرە دار لە دیتنی نەمامەکە زۆر خۆشحاڵ بوو و شوکری خودای کرد کە لە تەنیایی رزگاری بوو و هاورێیەکی بۆ پەیدا بوو. ئاخر چەند ساڵ بوو کە بە تەنیا بوو و قسەی لەگەڵ کەس نەکردبوو.

نەمامیش هەروا لە دیتنی ئەو دارە گەورەیە زۆر خۆشحاڵ بوو و لە دڵی خۆی دا دەیگوت دەبێ زۆر شت لەو دارە گەورەیە فێر بم، چونکە ساڵانێکی زۆرە کە بە تەنیا لەو دەشتە ژیاوە.

رۆژێک نەمامی بچکۆلە بۆ ئەوەی سەری قسە بکاتەوە گوتی: ئەی داری گەورە! تۆ بۆ بە تەنیا لەو دەشتە دەژی و بۆچی لە دارستان لەلای هاورێکانت نەبووی؟

پیرەدار کە چەند ساڵ بوو چاوەروانی ئەو پرسیارە بوو ژیاننامەی خۆی ئاوا دەست پێ کرد:

ئەمن لە لای دایک و باوک و خوشک و براکانم لە نێو دارستانێکی گەورە و سەرسەوز دا ژیانم بەسەر دەبرد. رۆژێک هەر ئەو مرۆڤانەی کە خۆیان پێ لە هەموو شتێک عاقڵترە و خۆیان پێ گەورەی خوڵقێنەرە، منیان لە بنەماڵەکەم جیا کردەوە. ئەوان دەیان ویست کە بم بەن بۆ شاری تاکوو مێز و لێنووس و پێنووسم .. لێ دروست بکەن من و هێندێک لە هاورێکانمیان بریبەوە و سواری ماشێنیان کردین و بەرەو شاری وەرێ کەوتن، بەڵام لە رێگا ئەمن لە ماشێن بەر بوومەوە. چونکە لە بنەماڵەکەم دوور کەوتبوومەوە زۆر نارەحەت بووم. زۆر جار لەبەر ئەوەی کە ئەو مرۆڤانە بە مشار لەشیان بریندار کردبووم ئازارم دەکێشا و دەگریام! بەڵام کەس نەبوو یارمەتیم بدا و برینەکانم سارێژ بکاتەوە.

بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات برینەکانم سارێژ بوونەوە و وازم لە ناهۆمێدی هێنا و هەوڵم دا کە بە بێ بنەماڵە و هاورێکانم ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەمەوە، چونکە چارەنووسی من ئاوا بوو. لەو رۆژە بە دواوە بڕیارم دا کە لێرە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەمەوە.

ئێستا چەند ساڵە لێرە بە تەنیا دەژیم و زۆر جاری وا هەبووە کە ئەو مرۆڤانەی کە قۆڵیان بۆ لە ناو بردنی من هەڵماڵی بەو جاددەیەدا تێپەڕ دەبن و لە ژێر سێبەری من پشوو دەدەن. منیش قەت لە سێبەری خۆم بێ بەشیان ناکەم بەڵام قسە لەگەڵ هیچکامیان ناکەم!!.

پیرە دار دوای بەسەرهاتی ژیانی خۆی گوتی: هاورێ بچکۆلەکەی من! ئەتۆ کە تازە لە دایک بووی بۆچی لێرەی؟

نەمام کە لەو کاتەوە تا ئێستا گوێی بۆ قسەکانی پیرەدار راگرتبوو لە دڵی خۆی دا گوتی ژیانی ئێمە چەندە لێک دەچێ..

پیرەدار دیسان لێی پرسییەوە هاورێ! بۆچی جوابی من نادەیەوە؟!

نەمامی بچکۆلە گوتی بیرم لەوە دەکردەوە کە ژیانی ئێمە بۆچی ئەوەندە لێک دەچێ.

نەمام گوتی: ئەمن زۆر شت نازانم بەڵام دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم کە منیش تۆوێک بووم وەکوو هەموو تۆوەکانی دیکە کاتێک کە جووتیاران دەیان ویست بەو



جاددەیەدا تێپەڕ بن و بچنە سەر زەویەکانیان و بمانچێنن ئەمن لەلای تۆ بەربوومەوە و کەوتمە سەر زەوی. بە ئاوی باران و هێزێک کە لە خاکم وەرگرتبوو وردە وردە گەورە بووم و سەرم لە زەوی هێنا دەرێ و لەلای تۆ شین بووم!!.

نەمام گوتی: ئەتۆ ژیانێکی زۆر خەماویت هەبووە. ئەمن جارێ زۆر شت نازانم بەڵام زۆر شت هەیە کە دەبێ فێرم بکەی.

پیرە داری چیرۆکی ئێمە گوتی: زۆر دڵ خۆشم کە دوای چەندین ساڵ هاورێیەکی وەک تۆم دۆزیوەتەوە بەڵێنیت پێ دەدەم کە وەک دایکێک ئاگام لە تۆ بێ و بتپارێزم.

ئێستا ئەوان وەک دوو هاورێی باش لە لای یەکتر ژیان بەسەر دەبەن و زۆر لە ژیان رازین.

**و: نارین کەنکاش**

# زەیتوون
# Olive



منداڵە خۆشەویستەکان!

زەیتوون هەر لە بەری دارەکەیەوە بگرە تا ڕۆن و گەڵاکەشی هەمووی دەرمانی گەلێک لە نەخۆشییەکانە. بۆ وێنە ڕۆنی زەیتوون لەگەڵ ئاولیمۆدا بەردی توورەکەی زراو لەنێو دەبا. ڕۆنی زەیتوون بۆ ویشکەکۆخە زۆر



بەسوودە، بۆ لیو قەڵشین و لەنێوبردنی چڵکی پووکەکان، بۆ قەڵشین و ڕووشانی پێست هەر زۆر بەکەڵکە واتە ئەو بەشانەی پێ چەور دەکەن. جاوینی گەڵای زەیتوون بۆ لەنێوبردن و چاک بوونەوەی برینەکانی نێو دەم و ددانەکان زۆر بەقازانجە، یانی ئەو کەسانەی کە نێو دەمیان زوو زوو برینی دەکەوێتێ گەڵاکەی بجوون زۆر بەکەڵکە. مەسرەف کردنی ڕۆژانەی زەیتوون پێشگیری لە نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە دەکا.

ڕۆنی زەیتوون باشترین ڕۆنە بۆ چێشت لێنان، چونکە بە هۆی گەرماوە تێک ناچێ و لە کاریگەرییەکانی کەم نابێتەوە، کەواتە بۆ هەموو ئەو خواردنانەی کە ڕۆنیان پێویستە هەوڵ بدەن لە ڕۆنی زەیتوون کەڵک وەرگرن.

منداڵە ئازیزەکان!

زەیتوون هەروەها بۆ دەردەمیران(نقرس) و بادارییش باشە، ئەو کەسانەی کە تووشی دەردەمیران دەبن هەمیشە قاچەکانیان دەئاوسێن یان تووشی باداری(روماتیسم) بوونە زەیتوون بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەرمانێکی گەلێک بەسوودە. ماساژدانی پێستی سەر بە ڕۆنی زەیتوون دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێست و مووی سەر و لەنێوبەری کرێژی سەر و هەروەها گۆیا یارمەتی ڕەش بوونەوەی مووە سپییەکانیش دەدا یانی پێشگیری لە وەرین و سپی بوونی مووی سەر دەکا. ئەو کەسانەش کە چاویان تووشی سووتانەوەو خورین بووە بە تێ کردنی چەند دڵۆپێک لە ڕۆنی زەیتوون لە چاویان و ماساژدانی پێڵووەکەیان،دەست بەجێ خورین و سووتانەوەو ئاوهاتنی چاویان لەنێو دەبا و ئازاری پێڵووەکەشیان نامێنێ و بیناییشیان بەهێز دەکا.

بە شێوەیەکی گشتی زەیتوون مەترسیی تووش بوون بە شێرپەنجەی سنگ کەم دەکاتەوە. لێکۆڵینەوە لەسەر خانە شێرپەنجەییەکانی سنگ لە ژناندا دەریان خستوە کە ترشی ئۆلێئیکی ڕۆنی زەیتوون کاریگەری بۆهێڵی(ژێن) شێرپەنجەهێنی ئەم نەخۆشییە دادەبەزێنێ و پێشگیری لێ دەکا. کەواتە خواردن و مەسرەف کردنی زەیتوون بۆ دەرمانی ئالۆزییەکانی کۆئەندامی هەرس، جەرگ، گورچیلەکان، پێست و چڵکییەکانە و زۆر بەکارهێنانیشی دەبێتە هۆی کزی و دابەزینی پەستانی خوێن و برینە چڵکییەکان.

منداڵە خنجیلانەکان!

زەیتوون گەلێک قازانجی دیکەشی هەیە وەک بەهێزکردنی دڵ، لەنێوبردنی قەبزی، ڕێک خستنی پەستانی خوێن، دابەزینی چەوری نێوخوێن و ... هتد.

سەید جەلال ساڵحی

سەرچاوە: ئەنترنێت



# هەسارەی سارد

هەزاران کیلۆمیتر دوورتر لە گۆی زەوی، هەسارەیەکی بچووک بە ناوی فلیپتۆن هەبوو. ئەو هەسارەیە زۆر تاریک و سارد بوو، چونکە زۆر لە هەتاو دوور بوو و هەروەها هەسارەیەکی گەورەتریش پێشی گرتبوو.



لەو هەسارەیەدا گیانداری سەیر و سەمەرە کە رەنگیان سەوز بوو دەژیان، ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن دەوروبەری خۆیان ببینن کەڵکیان چرا قەوە وەردەگرت. لە بەر ئەوەی لەوێ هیچ رووناکایەک نەبوو.



رۆژێکیان شتێکی سەیر رووی دا. یەکێک لەو گیاندارە سەیرانە کە ناوی نیلا بوو، باتریی لایتەکەی سەراوبن تێ هاویشتبوو.



لە پڕ تیشکێکی بریقەدار و سەرسووڕێن لە ئاسمان هاتەدەر، لە هەتاو تێ پەڕی و تیشکەکە وە زەوی کەوت.



ئەو تیشکە لە سەر زەوی وە کورێک بە ناوی بیلی و سەگەکەی کەوت. نیلا هەر زوو لایتەکەی کوژاندەوە، بەڵام ئەو دوو گیاندارە زەمینیە بە هۆی ئەو تیشکەوە بۆ لای سەرەوە یانی بۆ لای هەسارەی فلیپتۆن راکێشران. ئەوان بەرەو ئاسمان فڕین و لەسەر هەسارەکە نیشتنەوە.





بیلی سڵاوی کرد و نیلاش دەستی بۆ بەرز کردەوە.
بیلی وتی ئای! ئێرە چەند خۆشە هەموو شتێک لە بەستەنی درووست کراوە
سەگەکەی بیلیش کە قاچەکانی بەستەنیان پێوە نووسابوو دەیلێستنەوە.

نیلی بە نارەحەتیەوە وتی : بەڵام لێرە کەس بەستەنی ناخوا چونکە هەوا زۆر ساردە.
نیلی زۆر نارەحەت دەهاتە بەر چاو. لە بیلی پرسی ئایا ئێوە دەتوانن یارمەتیی ئێمە بدەن. ئێمە پێویستمان بە تیشکی هەتاو هەیە هەتا لە هەسارەکەمان گیا سەوز بێ.
بیلی وتی ئەمن بیرۆکەیەکم هەیە. ئایا دەتوانی ئێمە بەرییەوە ماڵەکەمان.



نیلا وتی: چەند چرکەیەک راوەستە. دواتر باتری لایتەکەی سەراوبن تێهاویشتەوە و بیلی و سەگەکەی گەیشتنەوە سەر زەوی.



بیلی چوو بو گەرماوی ماڵەکەیان و ئاوێنەیەکی هەڵگرت و دواتر چوو بۆ حەوشە و ئاوێنەکەی بە جۆرێک دانا کە تیشکی خۆر لە ئاوێنەکەی دەدا و تیشکەکانیش وە هەسارەی فیلپتۆن دەکەوتنەوە.
.



بەو بیرۆکەیەی بیلی، لەمەو بەدوا هەسارەی فیلیپتۆن سارد نەبوو. بەو جۆرە بیلی هەموو رۆژێک ئاوینەکەی لە ژێر تیشکی خۆر دادەناو گەرمای پێویست بۆ هەسارەی فلیپتۆن دەچوو.



ئێستا نیلا و هاورێکانی دەتوانن لە ژێر تیشکی هەتاو دانیشن و چێژ لە خواردنی بەستەنی وەرگرن.

**و: پەیام**

# چیرۆکی ماسییە سووری لە خۆ رازی

لە نێو رووبارێکی جوان و خاوێندا چەند ماسی و بۆق پێکەوە ژیانیان بەسەر دەبرد، کارە (هەرەوەزەکانیان) بە هاوکاری یەکتر رادەپەڕاند و تەنانەت کاتێک نەیارێکی وەک مریشکی ماسی خۆر یان هەر گیانەوەرێکی دیکە بۆسەی بۆ دادەنان تاکوو لە هەلێک دا بیانخوا بۆقە پاسەوانەکان زۆر بە خێرایی ئاگاداریان دەکردنەوە تا لە فریای خۆیان بکەون و خۆیان حەشار بدەن. هەموویان پێکەوە زۆر باش بوون جگەلە یەکێک لە ماسییەکان.

لەو رووبارەدا ماسییەکی سوور دەژیا کە زۆر جوان بوو. کلکی سێ پەڕەی گەورەی پێوەبوو کە ئەوەندەی دیکەی جوان کردبوو، ماسییە سوور چونکە پێی وابوو لە هەموویان جوانترە، لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازە و بەردەوام بەو لاو ئەو لادا دەرۆیشت و بە وانی دیکەی دەگوت، چاولێکەن، کاتێک کە مەلە دەکەم پەڕەکانم چەندە جوانن و ئێوە هیچتان بەقەد من جوان نین.

بەڵێ، منداڵە جوانەکان! ماسییە سووری چیرۆکی ئێمە دەچووە هەر شوێنێک تاریفی خۆی دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەوانی دیکە لەگەڵی نەدەبوونە هاوڕێ و لەو رووبارە گەورەیەدا بە تەنیا مابۆوەو، هیچ کەس نەبوو کایەی لەگەڵ بکا.

رۆژ هەر ئاوا تێ دەپەڕین و تێ دەپەڕین، تا ئەوەی کە ماسییە سوور بە پێچەوانەی یاسای ئەو رووبارە چووبۆوە سەر ئاو تاکوو پەڕەکانی پێشانی بۆقە پاسەوانەکان بداو بڵێ کە ئەمن ئاوا جوانم، بەڵام لە پڕ مەلێکی (باڵندەیەکی) ماسی خۆر هات و بە بێ ئەوەی ماسی بزانێ لە لای رووبارەکە هەڵنیشت و چاوی لە ماسییە سوور بڕیبوو.

بۆقە پاسەوانەکان زۆر ترسابوون، یەکێک لە بۆقەکان زوو چووە نێو ئاوەکەو خۆی گەیاندە ماسییە سوور و بە هێمنی پێی گوت ماسی گوڵی! زوو بڕۆوە بن ئاوەکە دەنا ئەو باڵندەیە دەتخوا... بەڵام ماسییە سوور هاتە نێو قسەکەی و گوتی نەخێر چونکە لە ئێوە جوانترم ئیرەییم پێ دەبەن و دەتان هەوێ هەر لە بن ئاو دابم بەڵام لە هەڵە دان ئەمن ناچمەوە بن ئاو.

هەر بۆیە دەورێکێ لێداو کەمێک سووڕایەوەو بێ خەبەر لەوەی کە باڵندەیەکیش ئەوە بۆسەی بۆ داناوەتەوە. لەو کاتەدا کە خۆی هەڵداویشتە دەرێ لە ئاوەکە، باڵندەکە گرتی و خواردی.

بەڵێ منداڵە چاو گەشەکانم! ئەوە بەسەرهاتی ماسییە سووری لە خۆ رازی بوو. هەرکەسێک لە خۆ رازی بێ و بە قسەی کەس نەکا بە دەردی ماسییە سوور دەچێ. کەواتە ئەگەر کەسێک شتێکی پێ گوتین، زانیمان باشە، بە دڵ ئاواڵەییەوە بە قسەی دەکەین تاکوو ئاوامان لێ بەسەر نەیە.

ئا: دایکی نارین



# کوردستان

پیرەمێردێ
چووە قوتابخانەی گوندێ
لە حەوشەکەدا ڕاوەستا
دەورەیان لێدا مامۆستا
ها خاڵە گیان!
چیت گەرەکە ها خاڵە گیان
پیرەمێردی بەستەزمان
کە لاواز ببوو وەک گۆچان
وتی: تو خوا مامۆستا گیان
فێرم ناکەیچۆن بنووسم کوردستان

**لەتیف هەڵمەت**

**منداڵە چاو گەشەکان! جیاوازییەکانی ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە!**





# حکایەتێک لە ئێدیسۆن

ئیدیسۆن لە تەمەنی پیری و بە ساڵداچوونی دا پاش دۆزینەوەی گڵۆپی کارەبا، بە یەکێک لە دەوڵەمەندانی ئامریکا دەژمێردراو ئەم داهاتە زۆرەی کە هەی بوو هەمووی خەرجی تاقیگە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەکرد کە لە بینایەکی گەورەدا دای مەزراندبوو...

ئەم تاقیگەیە گەورەترین دڵخۆشی ئەم پیرەپیاوە بوو. هەر رۆژەو داهێنانێکی نوێی هەبوو کە بۆ باشتر کردن ئامادەی دەکردو پاشان دەیناردە بازار.

هەر لەم رۆژانە دابوو کە لە نیوە شەودا لە ئیدارەی ئاگرکوژێنەوە را پێوەندییان بە کوڕی ئێدیسۆنەوە گرت و پێیان گوت : تاقیگەی باوکی ئاگری گرتوە و لە راستی دا هیچ کەس هیچ کارێکی پێ ناکرێو هەوڵی ئاگر کوژێنەوەکان تەنیا بۆ پێشگیری کردن لە ئاگر گرتنی بیناکانی دیکەیە!

ئەوان داوایان کرد کە مەسەلەکە بە شێوەیەکی شیاو بە ئێدیسۆبڵێن.

کوڕەکە وای بیر کردەوە کە لە وانەیە باوکی پاش بیستنی ئەم هەواڵە سەکتە لێی بدا، هەر بۆیە لە خەو هەڵی نەستاند و بۆخۆی بە پەلە چوو بۆ شوێنی ئاگرکەوتنەکەو بە سەرسووڕمانەوە دیتی باوکی لەبەرامبەر شوێنی رووداوەکە لەسەر کورسی دانیشتووەو خەریکی سەیر کردنی سووتانی بەرهەمی ساڵانی تەمەنی خۆیەتی!!!

کوڕەکە بڕیاری دا نەچێتە پێشێ هەتاکوو نەبێتە هۆی نارەحەتی باوکی. ئەو پێی وابوو باوکی لە خراپترین کاتەکانی ژیانی خۆی دایە.



لە ناکاو ئێدێسۆن سەری هەڵێناو کوڕەکەی خۆی دیت و بە دەنگێکی بەرزو پڕ لە خۆشی و شادی گوتی: کوڕم تۆ لێرەی؟ دیتووتە چەندە جوانە؟ ئاوێتە بوونی رەنگی گڕەکە دەبینی؟ زۆر سەیرە!!!

من پێم وایە کە ئەم گڕە وەنەوشانە بە هۆی سووتانی گوگێرد لە پەنا فۆسفۆر پێک هاتوون!ئای! خودایە زۆر جوانە خۆزگە دایکیشت لێرە بووایەو ئەم دیمەنە جوانەی دیتبا. کەم کەس دەتوانێ لە ماوەی تەمەنی خۆی دا دیمەنێکی لەم چەشنە ببینێ! رای تۆ چیە کوڕم؟!!

کوڕەکە بە گێژی و سەرلێشێواوی وڵامی داوە: بابە گشت ژیانت لە ئاگردا دەسووتێ و تۆ باس لە جوانی رەنگی ئاگرەکە دەکەی؟!!!!

چۆن دەتوانی؟! من گشت ئەندامی لەشم دەلەرزێ و تۆ بێ خەم دانیشتووی؟!

کوڕم ئێمە هیچ کارێکمان پێ ناکرێ. ئاگرکوژێنەوەکانیش هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن. لەم کاتە دا باشترین کار چێژ وەرگرتن لەم دیمەنە جوانەیە، لە بەر وەی جارێکی دیکە دووپات نابێتەوە...!

سبەینێ بیرێک لە تاقیگە دەکەینەوە، ئایا چاکی دەکەینەوە یان لە سەرڕا دروستی دەکەینەوە؟! ئێستا کاتی ئەم کارە نیە!سەیری ئەم گڕە جوانانە بکە لە وانەیە جارێکی دیکە هەلی وات بۆ نەڕەخسێ!!!

تووماس ئالوا ئێدیسۆن ساڵی دوایی لە تاقیگەیەکی نوێ دا خەریکی کار بووو لە هەمان ساڵ دا یەکێک لە گەورەترین داهێنانی خۆی واتە زەبتی دەنگەکانی پێشکێش بە جیهان و جیهانیان کرد. بەڵێ ئەو رێک ساڵێک پاش ئەم رووداوە گرامافۆنی دروست کرد...

رووحی شاد بێ.

منداڵە ئازیزەکان لەم کورتە حیکایەتەرا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤ نابێ هیچ کات بۆ شتێک کە لە دەستی دەدا، ورەی دابەزێ و لە کارو ژیانی خۆی دڵساردو ناهومێد بێ، بەڵکوو دەبێ لە هەر شکستێک ئەزموونێک وەرگرێ و هیچ کات کۆڵ نەداو بەردەوام هەوڵ بدا کە کاری باش و بەسوود بکا، کارێک کە هەم قازانجی بۆ خۆی تێدابێ و هەم بۆ کەسانی دیکەش.

وەرگێڕان و ئامادە کردنی: کیان

# وڵاتەکەمان بناسین

## «جوانڕۆ»

شارستانی جوانڕۆ یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشانی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ٨٠ کیلۆمیتری باکووری رۆژئاوای شاری کرماشان. ئەم شارستانە لە باری هەڵکەوتەی جوغرافیاییەوە لە باکوور و رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شارستانی روانسەر، لە باشوور و باشووری رۆژئاواوە لە گەڵ شارستانی سەلاسی باوەجانی و لە رۆژئاواوە لە گەڵ شارستانی پاوەو شاری دەربەندیخانی باشووری کوردستان سنووری هاوبەشی هەیە. رووبەری جوگرافیایی ئەم شارستانە ٧٧٢ کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. ئەم شارستانە لە دوو بەخشی مەرکەزی « جوانڕۆ» و بەخشی « کەڵاشی» و چوار گەورە دێی « شەروێنە، کەڵاش، بازان و ملە پاڵنگانە» و ١٣٦ گوند پێک هاتووە. بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە نزیک بە ٧٠٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە و خەڵکی ئەم ناوچەیە بە زاراوەی سۆرانی ( جافی )قسە دەکەن و هەموو خەڵکەکەی موسڵمانی سونی مەزهەبن.


گوندی سپیێوەر

حەمدوڵڵا مستۆفی لە سەدەی ٨ی کۆچی لە کتێبی « نزهة القلوب»دا باس لە جوانڕۆ دەکات و ئەم شارە بە « هەڵانی» ناو دەبات. شارستانی جوانڕۆ مەڵبەند و ناوەندی ئەسڵی عێلی « جاف»ەو هەر لە کۆنەوە بەگەکانی جوانرۆ وەک: سەید ئەحمەدبەگ، رۆستەم بەگ، محەممەدبەگ و حسێن بەگی وەکیڵ.... دەسەڵاتدارێتی ئەم ناوچەیەیان بە دەست بووە.


شاری جوانڕۆ

شایانی باسە کە جافەکانی دەڤەری جوانڕۆ بە سەرکردایەتی « حسێن بەگی وەکیڵ» دەورێکی بەرچاو و کاریگەریان لە شۆڕشی باشووری کوردستان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی دا هەبووە.

بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەم ناوچەیە بە کاری کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵن بژێوی ژیانیان بەم شێوەیە دەستەبەر دەکەن.

شاری جوانڕۆ ١٣٠٠ میتر لە دەریا بەرزترە و رێژەی باران بارینی ساڵانە لەم ناوچەیە زیاتر لە ٦٠٠میلیمیترە و لە وەرزی زستاندا ئاو و هەوایەکی سارد و کوێستانی و لە وەرزی هاویندا ئاو و هەوایەکی فێنک و خۆشی هەیە.

شارستانی جوانڕۆ لە نێوان چەندین کێوی بەرزی وەک: شاهۆ، ساراوەن، ماکوان و بەنی یەز دا هەڵکەوتوە. ئەم کێوانە جوانییەکی بێ وێنەیان بەم ناوچەیە بەخشیوە و بوونەتە سەرچاوەی ئاوی چەندین چۆم و سەراوی گەورە و بچووک لەم دەڤەرە.

هەروەها چەند چۆمی وەک: چۆمی سپیێوەر، چەمەلەیلێ، چۆمی سەڕۆ و چۆمی سارۆخان لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون کە پاش پاراو کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخەکانی ئەم ناوچەیە سەرئەنجام هەموویان دەڕژێنەوەچۆمی سیروان و پاشانیش بەنداوی دەربەندیخانی باشووری کوردستان.

بە هۆی چڕ و پڕی دارستانەکان و لێڕەوارەکانییەوە چەندین جۆرە ئاژەڵ و باڵندەی کێوی وەک: ورچی قاوەیی، ئاسک، کەڵ و بزنە کێوی، پڵنگ، کەمتیار، بەراز، رێوی، گورگ، کەروێشک، کەو، هەڵۆ و مراوی لەم ناوچەیە بوونیان هەیە.

هەروەها چەندین ئاسەواری کۆن و مێژوویی و شوێنەواری سرووشتی جوان وەک: قەڵای چەنگیز خان، قەڵای هەڵانی، قەڵای جوانڕۆ ( قەڵای کۆن)، قەڵای بانی توانی سەفی ئاوا، تەپەی سەفی ئاوا، پارکی هەڵانی، سەراوی سەڕۆ، سەراوی باڵاخانی و کانی شەفا بەخشی رێزە و.... لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون کە دیمەنێکی جوان و دەگمەنیان بەم شارستانە داوەو ساڵانە خەڵکێکی زۆر بۆ گەشت و گوزار روو لەم ناوچەیە دەکەن.

ئا: کانی وایان

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا



تەلار دەروێشی



ژیار شێرۆ



ڤانیا شێرۆ



پێشەوا نووری



نارین کەنکاش



هیوا وریا




سانا فەتحی



تەرزە دەروێشی



فرمێسک محەممەدپوور



ساریا عارفی



کامران



فەرزین ئەحمەدپوور



شکار دەروێشی



نارین مەحموودی